# پۆپۆلیزم و ئۆتۆکراتەکان

## ئایا سەردەمی دیموکراسی لەکۆتاییدایە ؟

نووسینی Anna Sauerbrey                                   و. هەڵۆ بەرزنجەیی

- خەرمانێک لە کتێب و وتار ئاماژە بە نزیکبوونەوەی کۆتایی دیموکراسی دەکەن.

- چی لەم گێرانەوانەدا ڕاست نییە و بۆچی چیرۆکی کۆتایی جیهان شتێکی ترسناکە.

دەشێ تا ئێستا هەستت پێ نەکردبێت،بەڵام دیموکراسی لە مردندایە. ئێمە لەسەرەتای سەردەمێکی نوێداین، بەڵام بەلانی کەمەوە نالیبەراڵی، ئەگەر نەشڵێم قۆناخێکی ئۆتۆکراتی. نەک هەر لە ئاسیا، ئەمریکای لاتینی یاخود باکوری ئەفریکا،بەڵکو لێرەش، لەناوەندی ڕۆژئاوا! هەر نەبێت لە هەنووکەدا زۆر ئەقڵی گەورە و بلیمەت تا بێت بەردەوام باسی لێوە دەکەن.

بەدەگمەن هەفتەیەک تێپەڕێت، بەبێ دەقێکی دەستنیشانکەری کات time-diagnostie text ، هۆشداری هەرەسهێنان نەدات." دیموکراسی لیبەراڵی لە توخمی خۆیدا دادەڕۆخێ".

yascha Mounk بەرگەر ئەڵمان و ئەمریکایی زانکۆی هارڤارد لە کتێبەکەیدا "ڕووخانی دیموکراسی" کەوا لە مانگی ٢ دا دەرچووە و بارودۆخەکە "دراماتیکییە" و " نوێیە" و "ترسێنەر"ە. هەروەها پرۆفیسۆرەکانی هارڤارد Steven Levitsky و Daniel Ziblatt ترسیان هەیە،"ئایا دیموکراسییەکەمان لەبەردەم مەترسیدایە"؟ پرسیار دەکەن بە چاوبڕینە وڵاتە یەکگرتووەکان لەوەی "چۆن دیموکراسی دەمرێت - How Democracies Die „ کە بڕیارە لەمانگی گوڵان دا بە زمانی ئەڵمانی بڵاوبێتەوە. " بەهاری ئۆتۆکراتییە" ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەHenri J. Barkey لە گۆڤاری The American Interest„ " ئەمە دەچرپێنێ.

نووسەری بەریتانی Edward Luce لە" پاشەکشەی لیبەڕالیزمی ڕۆژئاوایی - The Retreant of Wesern„ Liberalismus هۆشداری دەدات" دیموکراسی لیبەڕاڵی ڕۆژئاوایی، هێشتا نەمردووە، بەڵام ڕووخانی زۆر نزیک بۆتەوە، وەک ئەوەی زۆرێک بەئاواتی ئەوەوەن". و Jan Zielonka پرۆفیسۆر بۆ سیاسەتی ئەوروپایی، لە St.Antony,sCollege in Oxford دەستنیشانی کردووە، "ئێمە لە دژە پەرەسەندنێکدا دەژین،" . هەڵبەت مرۆ دەتوانێ لەسەر ئەم بابەتە زۆر بڕوات و بنووسێ.

**ماوەیەکی درێژ،مرۆ دیموکراتیزەکردنی بە "کۆتایی مێژوو" دادەنا**

باسکردنی بەسەرچوونی دیموکراسی شتێکی دراماتیکی، تاریکی ڕاکێشە. پیاو زۆر کەم متمانە بەخۆی دەکات،باوەڕ بەوە بهێنێ. لێرەدا هەندێ شت هەیە دژ بە گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە بوەستێتەوە. لێگەڕێ ئێمە سەرەتا لە هەستی کۆتاییهاتنی جیهان تێبگەین.

مێژووی جیهانگەریی و سەرکەوتنی دیموکراسی لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠، بە "شەپۆلی سێیەم" .١٩٧٤ تەنیا ٣/١ هەموو دەوڵەتەکان دیموکراسی بوون. تا ناوەڕاستی ساڵانی ٢٠٠٠، بەپێی سەرژمێری زانستکاری سیاسەتLarry Diamond لە ڕێژەی ٦١ وڵاتی هەڵبژێردراوی جیهان دا، ڕێژەی ٤١ یان لایەنگری دیموکراسی لیبەڕاڵین، ئەمە هی ساڵی ٢٠٠٠ هەزارە، واتە دەوڵەتەکان کە لەتەک هەڵبژاردن دا، بنەمەکانی تری دیموکراسییان جێبەجێ دەکرد، بابڵێن مافی تاکەکەس و بەتایبەتی پاراستنی.

ساتێ ساڵی ١٩٨٩ دیوارەکە ڕووخا(مەبەست دیواری بەرلینە - هەڵۆ)،شورەوی داڕما و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کەوتنە سەر ڕێی دیموکراسی ، هەستی گۆڕانی ڕۆژگار، بەربڵاوتر بوو. لە وتارێکی بەناوبانگ دا لە" The National Interest„ دا Francis Fukuyama ی نووسەر ئاشکرای کرد، " ئێمە هەر کۆتایی شەڕی سارد نابینین، یاخود کۆتایی سەردەمێکی دیاریکراوی قۆناخی دوای مێژووی جەنگ، بەڵکو کۆتایی مێژووش بۆ خۆی: ئەمە واتای ئەوەیە، کۆتایی خاڵی پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی مرۆڤایەتی و بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لیبەڕاڵی بە جیهان دا، وەک دوا فۆڕمی گردەبڕی ڕژێمی مرۆیی".

ئەمرۆ ئێمە بە پێی نووسینی زۆر لە نووسەران، گەواهی ئاکامی کۆتایی مێژووین. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠ هەزارەوە Larry Diamond ی نووسەر و ئەندامی دامەزرێنەری "Journal of Democracy " لە ٢٠١٥ دا، لە تێکستێکدا کە زۆرجاران لێی وەرگیراوە و ئاماژەی پێدراوە، لە ئامادەکردنی سیستەمی دیموکراتی لە جیهان دا، سەرەتا وەستان و پەککەوتن بەکارهێنراوە، پاشان

لێدوانی ڕەخنەگرانەی نەرمۆک. لە ساڵی٢٠٠٠ دا، ٢٥ پەککەوتن و دارمانی سیستەمی دیموکراتی ڕوویان دا، لە نێویاندا ڕووسیا، ئۆکرانیا و تورکیا. ئەم ژمارەیە لە دەروازەی زۆر تێکستی دەستنیشانکردنی کات دا خۆی دەبینێتەوە.، شتێ لەم بابەتە لە کتێبەکەی Luce بە ناوی "The Retreat of Western Liberalism " .

ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆچبەرە عەرەبەکان دا، جارێکی تر هیوای دیموکراسی چەکەرەی کردەوە، مرۆ دەتوانێ بە کۆتاییەکی توانجئامێزەوە بڵێ، ڕۆژئاوا وا بیری دەکردەوە،گەر ئێستا ئۆتۆکراتەکانیی کولتووری عەرەبی تێبگەن، چی باشە و ڕاستە، ئەوە مانای وایە تا ئێستا هێشتا مانای شتێ لەناو دیموکراتیدا ماوە، بەڵام دوایی میسر کەوتەوە پاشەوە، بۆ ناو حوکمی بەربەرێتی.

**ڕوانگەی Trump: بەلای ئێمەوە ئاساییە، ئایا ئەوانی دیکە دیموکراسین**

هەڵبژاردنی Donald Trump ،دڵتەنگی بەکاربراوی زیاتر کرد. لە ئێستادا ئەمەریکا دووجاران مەحکومی کەوتنە: لەمامەڵە و هەڵسوکەوتی دیموکراتیزەکردن دا، لەدوای هەوڵێکی خوێناوی سەرنەکەوتووانە لە عێراق و ئەفغانستان، کشانەوە لە سەردەمی Barack Obama.

دۆناڵد ترامپ لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەکەیدا: جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بەلای ئێمەوە ئاساییە، ئایا ئەوانی دیکە دیموکراتین، تەنها وڵاتانێک هەن، بەرژەوەندییەکانی ئێمە دابەش دەکەن، وە ئەوانەشی ئەوە ناکەن . زۆر کەس باوەڕیان وایە، ئەمەریکا ڕەونەقی خۆی وەک سەرمەشق و نموونەیەک بۆ دیموکراتیبوون لەدەست دەدات . لە جیاتی ئەمە ئێستا پێشبڕکێی سیستەمی تر هەیە. چین دەریخستووە، چۆن پیاو دەتوانێ لە ڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتوو بێت، بێ ئەوەی پێویست بکات، لەهەمان کاتدا دیموکراسی بێت. ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە وەردەچەرخێ.

ڕوونکردنەوەی ئەمە گرێ دراوە بە حەقیقەتی یاخود بە پرۆسەی هەڵوەشانەوە لە نێو دیموکراسی ڕۆژئاوادا.Y.Mounk دەنووسێ، لە زۆر وڵاتانی ڕۆژئاوادا خۆشەویستی مرۆڤ بۆ دیموکراسی سارد بۆتەوە. بەهای ڕەزامەندیی لە ئەمەریکا و ئەوروپا دەکەوێت، ئەلتەرناتیڤی ئۆتۆریتێتی سەرنجڕاکێشتر و دڵفڕێنتر دەنرخێندرێ. بەتایبەتی خانەگومانی لە دیموکراسی وەک ئەو دەڵێ، لای ئەو گەنجانەیە کە دێن بۆ هەڵبژاردن. لەمەوە ئەوشتە بە ئاکامێک دەگات" گەنجان ئێمە قوتار ناکەن" و " گومان دەکرێ دیموکراتی سەقامگیر، هەتا بێت زیاتر وەک ناسەقامگیر دەردەکەوێت".

**Yascha Mounk،دەبینێ خۆشەویستی خەڵکی بۆ دیموکراسی سارد دەبێتەوە.**

هاوکات Mounk وای دەبینێ: لەبەریەکهەڵوەشانەوە و تیاچوونی دیموکراسی و مافە. دیموکراتی لیبەڕاڵی گەرەنتی دەسەڵات دابەشکردنی دەوڵەت دەکات، بەشداری ڕێکخراویی و هاوکات پارێزگاریکردنی مافە بنچینەییەکانی تاکەکان لەبەردەم ستەمی زۆرینەدا.

ئەم یەکبوونە هەڕەشەی داڕووخانی لێدەکرێ،وەک Mounk. دەڵێ: ئەگەر مەسەلەکە بەپێی پۆپۆلیزم بڕوا،دیموکراسی بێ ماف دەبێت، کەواتە دامەزراوەی دیموکراسی، بەڵام هیچ نییە پارێزگاری لە مافی تاکەکان بکات.

لە تەکنۆکراتیدا، وەک لە یۆنانی قەیرانی دارایيدا،یاخود یەکێتی ئەوروپادا،Mounk." مافی بێ دیموکراتی" دەناسێ. لە ڕاستیدا مافی تاکە کەس پارێزراوە، لێ بەشداری ڕاستەقینەی هاوڵاتی نییە.

هەندێ نووسەری تر لە پەرۆشی کولتووری دیموکراسییدان، لە لووتکەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا" چۆن وەک دیمۆکراتی دەمرین" Levitskyو Ziblatt گەشەیەیان دا بە بنەمایەک، بۆ شێوە سیستەمێکی هۆشداری پێشوەخت، لەکاتی گۆڕانی دیموکراتی بە ئۆتۆکراتیدا، پێویستە زەنگ لێ بدات.

Levitsky گۆڕانی سیاسسی لە ئەمەریکای لاتینی خوێندووە،Ziblatt مێژووی ئەوروپا. بە سەرنج و تێبینییە مێژوویی و مێژووی هاوچەرخەکانیانەوە، پێشەنگی نیشاندانی چوار ئاماژەی وریاکردنەوەن لە کارەساتێک :

یەکەم : ئۆتۆکراتە درەنگ وەختەکان، یاسای بەڕێوەبردنی دیموکراسی دەدەنە دواوە.

دووەم: مافی ڕەوایەتی لە دژە سیاسیەکانیان دەسەننەوە، بۆ نموونە لەوەدا، ئەوەی ئەوان بەمەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێن.

سێیەم : چاوپۆشی دەکەن لە زەبروزەنگ، یاخود بانگەوازی بۆ دەکەن .

چوارەم : ڕێگری و بەربەستی لە ئازادی دژەکانیان، یاخود میدیاکان دەکەن.

**Donald Trump ڕێچکەی ئۆتۆکراتی دەگرێتە بەر**

نووسەرەکان دەگەنە ئاکامێک، Donald Trump لە زۆر خاڵی کاتاگۆرییەکەدا کۆدەکەنەوە. ئەو ڕەوایەتی هەڵبژاردن و دژە کاندیدەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.("ملیۆنان" دەنگ بەتاڵ بوونەوە و سووتان،Hillary Clinton ساختەکارە crooked). ئەو پەلاماری میدیاکان دەدات، بەنێتی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ڕاستگۆییان ، هەندێ لە دەربڕینەکانی ،خوێندنەوەی بانگاشەی زەبروزەنگی لێ دەکرێ و تێدایە، وەک ئەوەی لەکاتی بانگاشەی هەڵبژاردن دا وتی، ئەگەر هیلاری کلینتۆن هەڵبژاردنەکە بەرێتەوە، ئەوا چالاکوانانی مافی چەک(ئەوانەی لەگەڵ بازاڕی چەکدان لە ئەمەریکا،هەڵۆ) ڕەنگە بتوانن شتێ بکەن.




Levitsky & Ziblatt کۆتایی بەمە پێ دێنن، بێ چەندوچوون هۆکاری پەرۆشخواردن زۆرن، ئەمەریکا دەتوانێ ڕێچکەی ئۆتۆکراتی بگرێتەبەر. لە چۆکدادانی دیموکراتییەوە، سەرکەوتنی پۆپۆلیست و پرۆسەی پارچەپارچەکردنی ناوخۆیی وێنەیەکی گشتی بەدەستەوە دەدات، لە ڕۆژگاری گۆڕانکاری دەچێت. هەموو ئەم شتە جوان و ڕازاوانە بۆ چیرۆکی گەورە و کتێبی ناونیشان بریقەداری کۆتایی دنیا دەکرێ، هەروەک خاوەن دەزگاکانی چاپ و پەخشیش ئەمە بزانن و هەستیان پێ کردبێت، کە ئەم جۆرە بەرهەمانە بازاڕیان گەرمە و بە باشترین شێوە دەفرۆشرێن . بەڵام لە وردەکاریدا هەندێکیان وێنەکە دەشێوێنن.

Yascha Mounk لە تێزەکانیدا سەبارەت بە زیادبوونی خانەگومانی هاوڵاتی لەهەمبەر دیموکراتی لە ساڵانی2016&2017 وە، لەگەڵ هاوکارەکەی Roberto Foa لە وتارێکدا بۆ Journal of Democracy نمایشت کردووە. بەهاوڕێیەتی بەشدارکریکردنی میوانێک لە New York Times بە گرافیک، کە تێیدا هەڵومەرینی جۆشوخرۆشی بە شێوەیەکی دراماتیکی نیشان دەدات. وتارەکە شەپۆلێکی مشتومڕی گەورەی دروست کرد، گرافیکەکە لەچاوتووکانێکدا بڵاوبۆوە.

**زۆر توخم و ڕەگەزی تێزی ئاوابوون، لە بواری زانست دا مشتومڕی لەسەرە**

لە زانستدا،نووسەران بەدڵنیاییەوە زۆر بەروبوومی بەرپەرچدانەوە و نارەزایی دەچننەوە . خاتوو Pippa Norris یەکێکە لە دیارترین توێژەرانی ـ پۆپۆلیزم. بریارێکی توند و زبری دا، لەسەر هەڵسوکەوتکردن لەتەک داتاکان و ئەو ئاکامگیرییەی لێوەیانەوە دەکرێت. بە پێچەوانەی ئەوەی Mounk&Foa بانگاشەی بۆ دەکەن، نەخشە و پێوەرێکی یەکگرتووی ئەوروپایی نییە، چۆن هاوڵاتی " هێزی کارایی و بەجێگەیاندن" ی/ قوە الاداء، هەر یەک لە دیموکراتییان دەنرخێنن. هەروەها دیموکراتییەکی قەیرانی ماندار ، لەنێو هاوڵاتیانی نەوەی داهاتووشدا ـ بەمەش ئایندەیەکی تاریک و ڕەش ـ ناتوانێ دەستنیشان بکات.

بژاردەی دۆخی Mounks، "هەڵبژاردەییە". لەنێو دەنگدەرانی ـ ترامپ دا ،زۆرن ئێستا پیر بوون. هەروەها هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ تێزەکان بە شێوەیەکی گشتی دیموکراسی ڕۆژئاوا بێتە قوربانی، دامەزراوە گشتیەکان، ئەوانەی کە پارێزگاریی لە مافی تاکگەرایی دەکەن.

زانستکاری سیاسی هۆڵەندیErik Voeten، کە لەزانکۆی Georgetown لە واشنتۆن وانە دەڵێتەوە، بەهەمان ئاکامگیریی گەیشتووە. یەک خاڵی ڕەخنە، لەنێو زۆری تردا: World Value Survey وەک بنچینەیەک بۆ ئارگومێنتەکەی Mounk،ڕەزامەندی سەرخستن بۆ دیموکراتی دەکات، لەسەر پێوەرێک/ مقیاس لە یەکەوە تا دە.

Mounk&Foa لە گرافیکەکەیان دا، بەتەنیا دەی تەواوی وەک ڕەزامەندی نرخاندووە و هەموو وەرامەکانی تری نەرێنی نرخاندووە. بەم شێوەیە پێچاوپێچێکی سەیر و سەرنجڕاکێش دروست بوو.

هەروەها پرسگەلی، ئایا تازەترین سەرکەوتنی دەنگدەرانی پارتە پۆپۆلیستەکان، سەرەتای قۆناغێکی "دەورانی پۆپۆلیستی" یە.بێگومان دەمەتەقێی مشتومڕ هەڵگری لەسەر ساز دەکرێت.

زانستکاران ئەوانەی تێکڕای مێژووی دوای جەنگ هەڵدەسەنگێنن، مەیلیان زیاتر بۆ ئەوەیە، مێژووی پۆپۆلیزم لەئەوروپا وەک چەرخە/ دەوران لە قەڵەم بدەن.٢٠١٣ یەکێ لە بەناوبانگترین لەمانە Cas Mudde وتارێکی بڵاوکردەوە، بەناونیشانی "سێ سەدە پارتی ڕادیکالی پۆپۆلیستی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا: ئێ باشە؟"بەڵێ کاتی خۆی گۆڤارەکان و سیاسییەکان هۆشدارییان دا، لەمەڕ شەپۆلێکی پۆپۆلیستی.

Mudde نیشان دا ، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ئاقاری گشتی گەشەکردن نییە ـ ، ئەوەی پەیوەندی بە ئاکامی هەڵبژاردنەوەکان و ژمارەی پارتی پۆپۆلیستی لە پەرلەمانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و کاریگەرێتیان لەسەر ناوەڕۆکی سیاسەت. ئەم وێنەیەی ٢٠١٣ لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابووردوودا گۆڕاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا شیاوی بیرکردنەوەیە، سەرکەوتنەکانی هەنووکە وابەستەی قەیرانن، وەک بەشێک لە چەرخەکە دەردەکەون.

**لەمەڕ پرسیاری،ئایا ئەمڕۆ دیموکراتی کەمترە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠،بگرەوبەردەی لەسەرە**

دواجار ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە،ئایا ژمارەی دیموکراتەکان بەڕاستی لە جیهان دا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. گفتوگۆی مشتومڕ هەڵگری لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە Levitsky & Ziblatt بیروڕای خۆیان دەردەبڕن" چۆن دیموکراتی دەمرێت" بە گومانن لە دەستنیشانکردنی دیاگنۆزەکردنی چۆکدادانێکی جیهانی. وڵاتانی بۆ دواوە گەڕاوەوەی وەک هەنگاریا،تورکیا و ڤەنزەویلا، هێشتا هەر وەستاون بەرامبەر بە وڵاتانێ،کە بە هێزێکی گەورەوە دەیانەوێ دیموکراتی بن، شتێکی وەک کۆلۆمبیا، سریلانکا و تونس. زۆربەی دیموکراتە چەسپاو و جێگرەکان،دامەزراون:" هەروەها ئەگەر دیموکراتی ئەوروپا کێشەی زۆریشی هەبێت، لە ئابوورییەکی میللی لاوازەوە تا ئەنتی بزاڤی کۆچبەران، بەڵێ بەم شێوەیە بەڵگە کەمە بۆ ئەو بنچینە ڕامالینەی نۆرمەکان، وەک ئەوەی ئێمە لە ئەمەریکا دەیبینین.

وێنەی پاشەکشەی جیهانی دیموکراتی زۆر باش کار دەکات، گەر بێت و پیاو جیاوازی نەکات لە نێوان دەوڵەتانێ کە بە دیموکراتی هەڵبژاردن دەکات و دەوڵەتانی پێشکەوتوو، دیموکراتی لیبەڕاڵ.

لێگەڕی با ئێستاش هەندێ لەسەر رووسیا بنووسین ،کە خۆی لە ڕێگای دیموکراتی" هەمدیسان " لاداوە. بەڵام ئایا ساڵی ١٩٨٩ ، بەڕاستی ڕووسیایەکی دیموکراتی ـ لیبەڕاڵ هەبوو؟.

**بۆچی باسکردنی کۆتایی دیموکراسی مەترسیدارە**

کەوابێ بێگومان هیچ کۆتایی، کۆتایی مێژوو نییە؟

بە ویژدانەوە پێویستە پیاو بڵێ، هەموو نووسەران جەخت دەکەنەوە، کەوا هیچ ئاکام و چارەنوسێک نییە لەم پرۆسەیەی ئێستادا. سەبارەت بەو ناونیشان و تێزە زەقانە لە زۆر باردا ئەمە کاریگەری وا دەبێت، هەروەک بڵێی زیاتر زامنێکی ڕووکەشە. هێشتا هەر کارلێکردنی ڕوانگەی تێلیۆلۆگی یەکێکی ف. فۆکۆیاما( مێژوو ئامانجێکی هەیە)، لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕوداوێکە ـ ئێستا لەتەک ئاماژەی پێچەوانەدا. هەستی کۆتایی دنیا، هەستی نەوەیەکە، کە خۆی مەزەندە دەکرد، لە بەرەی سەرکەوتووی ئەبەدی مێژوودایە.

Edward Luce وا وەسفی دەکات، چۆن ئەو ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ خوێندکارانی دیکەدا هاتن بۆ بەرلین، بۆ بینینی کرانەوەی دیوارەکە/ یاخود ڕووخان و نەمانی. بتڵی شەمپانیایان هەڵپچڕیوە ." ئێمە تووشی پەتای گەشبینی بووین. ئێمە ئەوەمان ناونا هەنگاوی پێشکەوتن ـ باوەڕیش بەمە ئەوە بوو، چی نزیکترینە لە ڕۆژئاوای مۆدێرنەوە،ئایینی رۆژئاوایە". ساڵانی ڕابردوو ئەم ئیمانەی نابووت و هەلاهەلاکرد. ڕۆژئاوا خۆی لە قەیرانی مەزهەبی ئاینی دا دەبینێتەوە. بێگومان ئێستاکە بەڕاستی تژییە لە کێشە و هەرا. دۆناڵد ترامپ کولتوری سیاسی ئەمەریکا دەپلیشێنێتەوە. پارتە پۆپۆلیستەکان دەیبەنەوە، پێویستە شەڕی پارتە پۆپۆلیستەکان بکرێ. بەڵام باشترین لێکدانەوەی ئەم ئاکامە چییە؟ Mounk کتێبەکەی خۆی وەک بانگەوازی وریاکەرەوە دەبینێ. لێکدانەوەی ڕەخنەکەی لەمە،لە

نوسخەیەکی کتومت،وەک پەرچەکردارێکی سروشتی وەک ئەوانەی حەزناکەن بە ئاسانی بڵێن ماڵئاوا لە نموونەی/ پارادیگمای دییموکراتی پێشکەوتوو. بێگومان کوێربوون بەرامبەر بە دراماتیکی واقییعەکە ترسناکە.

. بێگومان لە داڕشتنی دراماتیکی ئێستادا،بۆ تێکشکانی رۆژگار و سەردەم مەترسییەک خۆی مەڵاس داوە: دیموکراتی رۆژئاوا خۆیان قسە لەسەر خۆیان دەکەن لە خەمۆکی و نائومێدی بەمەش هاوکاری لایەنەکەی تر دەکەن: لەهەنووکەدا باسەکان چیرۆکە دەربارەی لاوازیی، پووکانەوە و کەمبوونەوەی هێزی ڕاکێشان، کە پۆپۆلیستەکان بەهێز دەکات. ئا بەم شێوەیە کۆتایی کۆتایی مێژوو، هەڕەشە دەکات ،بۆ ئەوەی ببێتە پێشبینیکەری بەئامانگەیاندنی خودی خۆی.لەم کارەدا،شێوازی تێڕوانینی جیاواز،بۆ شتەکان ڕێگەدەدات،هەروەها بە ناشینی شتەکان،وەک هەموو نووسەران ناوی دەنێن.

Levitsky & Ziblatt بۆ نموونە،دەستنیشانیان کردووە،کە هەوڵی هێزی ئۆتۆریتێتی،ببەستن بۆ "ماڵیکردن و دەستەمۆیی" لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەرکەوتوو نەبوو. وا باشترە هاوپەیمانێتی نائاسایی ساز بکرێ، هەروەها پارتە کۆنزەڤاتیڤە بەهێزەکانیش کارتێکەرن.

Yascha Mounk پێشنیاز دەکات، ڕەخنەی پۆپۆلیستەکان، لەسەر ڕێپێنەبردنی گەشتنە دەسەڵاتی دیموکراتی،بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک لە دەستەی بژاردەی دابڕێندراو و داواکارییەکانیان بۆ دیموکراتی ڕاستەخۆی زیاتر بە گرنگ و پەرۆشەوە وەرگرن : وەک خواستی دەنگدەر بۆ شەفافییەت و بەشدارییکردن. پێشنیازێکی گرنگ. بەڵان تەنیا لە مێژووی ململانێ و زۆرانبازی نێوان چاکە و خراپەدا جێگەی نابێتەوە.

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: هەرچی ئەو بابەتانەی من لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە وەرم گێڕاون،ڕاستەخۆ لە رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بوون، نەک لە سایتەکانەوە. ئەم وتارەش هی رۆژی ٢٠١٨/٤/١،ماوەیەکی زۆرە لەبەر کەم دەرفەتی بواری وەرگێڕانیم نەبوو. رۆژنامەکە یاخود ئەو لاپەڕەیەی ئەو وتارە ماوەیەکی زۆرە لەناو ساکەکەمدایە و بەم هۆیەشەوە هەندێ ڕستە و وشەی بە هۆی قەدبوون و دەرهێنان و شتی رەوە پوکاوەتەوە و چرچولۆچ بووە. بۆیە ناچار بووم، بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕستە و وشانە پەنا بەرمە بەر ئەرشیڤی ڕۆژنامەی ناوبراو و خوێندنەوە بابەتەکە. کاتێ سەرنجم دا، جیاوازی لە نێوان نووسینەکەدا هەیە،ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بڕەک بە گۆڕانکاری و جوانکارییەوە لە سایتەکەدا بڵاوکراوەتەوە و هەندێ ئاڵوگۆڕی بچووکیشی تیدا کراوە و بڕەکیشی بۆ زیاد کراوە. لەڕاستیدا من هۆکاری ئەم جیاوازییە نازانم. لێ من ناچاربوون جارێکی تر بە وەرگێڕانەکەدا بچمەوە و کونوکەلەبەرەکانی پڕ بکەمەوە،چونکە وەک سەرچاوە من لینکی سایتەکە دادەنێم و ئاماژەش بە ژمارەی رۆژنامەکە دەکەم. بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی ئاڵۆزی نەبێت.

سەرچاوە: دێر تاگە شپیگل ژمارە ٢٣٤٢٨ی ڕۆژی ٢٠١٨/٤/١

https://www.tagesspiegel.de/meinung/populisten-und-autokraten-ist-das-zeitalter-der-demokratie-zu ende/21132056.html